www.hetaw.net
ژمارە (٨٤٧) چوارشەممە ٣ی ئازاری ٢٠١٠ ی زایینی
ئاڵای ئازادی رۆژانی دووشەممەو چوارشەممە

هاوپەیمانیی کوردستان
التحالف الكردستاني
٣٧٢

# دەنگدان بەلیستی هاوپەیمانیی دەنگدانە بەمانەوەی پێشمەرگە

# کورد ناکۆک بەرەو بەغدا دەچێت

## نوری مالیکی: لیستی هاوپەیمانی کوردستان لیستێکی بەهێزە

هاوپەیمانیی کوردستان
التحالف الكردستاني
٣٧٢



**نوری مالیکی: بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانی یان هاوپەیمانی کوردستان کارێکی زۆر پێویستە بۆ پێکهێنانی حکومەت**

**ئا: پێشەوا خالید**

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کوردەکانی بەسەر چەند لیستێکی جیاوازدا پەرتو دابەشکردووە، زۆرێک لەچاودێرانیش پێیانوایە ئەمجارە ئەوان ناکۆک بەرەو بەغدا دەچن، بەتایبەت کە کارگەیشتووەتە ئەوەی تاڵەبانی کاندیدی هەموان نەبێ بۆ سەرۆکی داهاتووی عێراق.

> "فراکسیۆنی برا کوردەکان لەپەرلەمانی داهاتووی عێراق، رۆڵێکی بنچینەییان دەبێت لەبنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقدا، هەروەک چۆن لەدوای رووخانی رژێمی بەعس ئەو دەورەیان بینیوە"

لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان وەک مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگو چارەنووسساز لەهەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڕوانن، لەبەرئەوە پێشبینیدەکرێت هەرێمەکە ململانێیەکی توندی نێوان چوار لیستی رکەبەر بەخۆیەوە ببینێ بۆ بەدەستهێنانی ئەو کورسییانەی بۆ سێ پارێزگاکەی هەرێمو ئەو ناوچە کوردنشینانە تەرخانکراون کە سەر بەپارێزگاکانی کەرکوکو دیالەو نەینەواو سەڵاحەدینن، ئەمە جگە لەوەی لەبەغداش کێبڕکێیانە بۆ بەدەستهێنانی دەنگی ئەو کوردەکانەی نیشتەجێی پایتەختی عێراقن.

چوار لیستەکەی هەرێمی کوردستان، کە پێشبینیدەکرێت سەرجەم کورسییەکانی سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بەدەستبهێنن، بریتین لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لیستی گۆڕان، لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان)، جگە لەم چوار لیستە، لەپارێزگای موسڵیشدا بەشێک لەدوو عەشیرەتی ناوداری کورد کە زێبارییو هەرکییەکانن، بەشێکن لەلیستی ئەلعێراقییەو هاوکاری عەرەبە سوننییەکان دەکەن. ئەمە جگەلەوەی لەکەرکوکیشدا لیستی کوردیی جیاواز هەنو لەدەرەوەی لیستە کوردییە سەرەکییەکانن.

پێشبینیکردنی ئەوەی کام یەک لەم لیستە کوردییانە زۆرینەی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان بەدەستدەهێنن، کارێکی زەحمەتە، بەڵام وێڕای ئەمەش لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە لەدوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان "پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان"و چەند حزبو لایەنێکی دیکەی وەک حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانو حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستانو بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانو حزبی شیوعی کوردستان پێکدێت، خۆی بۆ بردنەوەی زۆربەی کورسییەکان ئامادەکردووە کە ٤١ کورسییە، پارێزگای سلێمانی ١٧ کورسی، هەولێر ١٤ کورسی، دهۆک ١٠ کورسی.

سامی شۆڕش سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەهەولێری پایتەختی هەرێم، ئاماژە بەوەدەکات؛ لیستی هاوپەیمانی بەپلەی یەکەم دێت لەم هەڵبژاردنەداو زۆربەی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان بەدەستدەهێنێت، "وەک کوردیش پێموایە بەگشتی دەتوانین نزیکەی ٦٠ کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەدەستبهێنین."

لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٥ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لەکۆی ٢٧٥ کورسی، ٥٣ کورسی بەدەستهێنا، بەڵام زۆرێک لەچاودێران پێیانوایە لەهەڵبژاردنی ئەمجارەدا بەهۆی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنەوە لەهەرێمەکەدا، هاوپەیمانی کوردستان ناتوانێت ئەو رێژەی دەنگەی جاری پێشوو بەدەستبهێنێتەوە.

لەلێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی هەواڵو رادیۆی ناوخۆ، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند، بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا لەپەرلەمانی داهاتووی عێراقدا کارێکی گرنگو پێویستە.

مالیکی لەو لێدوانەیدا دەڵێت "پێکهێنانی کابینەی حکومەتی داهاتووی عێراق پێویستی بەکۆدەنگی هەیە لەنێوان لایەنەکاندا، لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش یەکێکە لەلیستە بەهێزەکانی عێراق، بۆیە ئێمە پێشوازی لەبەستنی هاوپەیمانییەتی لەگەڵ ئەولیستەدا دەکەین."

مالیکی ئەوەشی ئاشکراکرد، فراکسیۆنی برا کوردەکان لەپەرلەمانی داهاتووی عێراق، رۆڵێکی بنچینەییان دەبێت لەبنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقدا، هەروەک چۆن لەدوای رووخانی رژێمی بەعس ئەودەورەیان بینیوە.

نوری مالیکی لەگەڵ ئەوەی کە لەئێستادا سەرۆک وەزیرانی عێراقە لەهەمانکاتیشدا سەرۆکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسایە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق، وەک لیستێکی کاریگەریی شیعە ململانێ دەکات لەبەدەستهێنانی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان کە ٣٢٥کورسییە.

مالیکی ئاماژە بەوەشدەکات؛ لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا پێویستە دوای هەڵبژاردنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو هاوپەیمانی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان یان ئیئتیلافی نیشتمانی ببەستێت، "دوای هەڵبژاردنەکان دەرگا لەبەردەم سەرجەم قەوارە ساسییەکاندا والایە بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو پێویستی بەهاوپەیمانێتی هەیە."

سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاماژەی بەوەشکرد، بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانی یان هاوپەیمانی کوردستان کارێکی زۆر پێویستە بۆ پێکهێنانی حکومەت، چونکە ئەو دوو قەوارەیە پەیوەندی مێژوویی باشیان هەیە، کە پرۆسەی سیاسیو حکومەتی داهاتوو پێویستی بەو پەیوەندییە باشە هەیە.

یەکێک لەلیستە رکەبەرەکان لیستی "گۆڕان"ە، لەهەڵبژاردنی رابردووی پەرلەمانی کوردستاندا کە لە٢٥/٧/٢٠٠٩دا ئەنجامدرا، گۆڕان توانی ٢٥%ی دەنگەکانی هەرێم بەدەستبهێنێت. بزوتنەوەی گۆڕان کە لەلایەن جێگرەکەی پێشووی مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، نەوشیروان مستەفاوە، رابەرایەتی دەکرێت، یەکەمجارە بەشداری لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات.

وتەبێژی بزوتنەوەی گۆڕان حەمە تۆفیق رەحیم ئەوە روونەدەکاتەوە؛ کە ئەو پێشبینیدەکات رێژەی دەنگەکان بۆ لیستی گۆڕان زۆرتربێت لە٢٥/٧ی ساڵی رابردوو.

ئەم گەشبینییەی بزوتنەوەی گۆڕان لەوەوە دێت کە ئەمجارە جگە لەهەرێمی کوردستان، کورد لەکەرکوکو ناوچە جێناکۆکەکانی هەردوو پارێزگای دیالەو موسڵو دەرەوەی وڵاتیشدا مافی دەنگدانیان هەیە، کە گۆڕان پێیوایە "بەشێکی بەرچاوی ئەم دەنگدانە بەلیستەکەی ئەوان دەدرێتو بەمەش رێژەی دەنگەکانیان زیاتر دەبێت"، بەڵام بەشێکی زۆر لەچاودێران ئاماژە بەوەدەکەن لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەتوانێت رێژەیەکی زۆری دەمگەکانی کوردو غەیرە کوردیش بەدەستبێنێت.

جگە لەم دوو لیستە بەهێزو رکابەرە، دوو لیستی کوردی دیکەش لەم کێبڕکێیە هەڵبژاردنەدان کە سەر بەدوو حزبی "ئیسلامیین."

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بەگەورەترین رێکخراوی سیاسی ئیسلامی دادەنرێت لەهەرێمەکەداو ئومێد دەکەن رێژەیەکی بەرچاو لەکورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەستبهێنن، وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، سەڵاحەدین بابەکر، ئاماژەی بۆ دەکات.

بابەکر وتیشی "لەبەرئەوەی ئەمجارە یاسای هەڵبژاردن نیوە کراوەیەو دەنگدەران دەتوانن دەنگ بەکاندیدەکانیش بدەن، رەنگە هەڵبژاردنەکە ئەنجامی چاوەڕواننەکراو لەگەڵ خۆیدا بهێنێت."

یەکگرتووی ئیسلامی، کە حزبێکی میانڕەوی ئیسلامییە لەکوردستاندا، دوای رووخانی رژێمی بەعس بەشداری لەدوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کردووە، لەهەڵبژاردنی یەکەمدا لەچوارچێوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیدا بوو، لەهەڵبژاردنی دووەمیشدا ساڵی ٢٠٠٥، بەلیستێکی سەربەخۆ چووە کێبڕکێی هەڵبژاردنەوەو توانی پێنج کورسی بەدەستبهێنێت.

لیستی چوارەم، لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانە، کە یەکێکە لەحزبە سەرەکییە ئیسلامییەکانی هەرێمەکەو ئەمیرەکەشی، عەلی باپیرە، دوای رووخانی رژێمی بەعس بۆ ماوەی زیاتر لەساڵێک لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە بەگومانی "هاوکاریکردنی گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان" دەستگیرکراوە.

ئەم لیستە جگە لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، لەپارێزگاکانی موسڵو کەرکوکو دیالەو سەڵاحەدینو بەغداشدا لەکێبڕکێی هەڵبژاردندایە.

عەبدولستار تاهیر ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کە یەکێکە لەکاندیدکراوەکانی ئەم رێکخراوە ئیسلامییە دەڵێت "ئومێدمان وایە زیاتر لەشەش کورسی بەدەستبهێنین لەم هەڵبژاردنەدا."

پێشتر بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆمەڵی ئیسلامی بەشێوازی جیاواز بەشداریکردووە، هەڵبژاردنی یەکەم بەلیستی سەربەخۆ بوو کە ئەوکات، عەلی باپیری ئەمیریان، لەلایەن ئەمریکیەکانەوە دەستگیرکرابوو، دوو کورسی بەدەستهێنا. لەهەڵبژاردنی دووەمیشدا لەچوارچێوەی لیستی هاوپەیمانیدا بەشداربوو، کە لە٥٣ کورسی تەنها کورسییەکی پێدراو دواتریش پەرلەمانتارەکەیان لەبەغدا "تیرۆرکرا". کۆمەڵی ئیسلامی ئەمجارەش بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداری لەهەڵبژاردنەکەدا دەکات.

پەرتبوونی کوردەکان بەسەر ئەم لیستە جیاوازانەدا، ئەگەری ئەوە بەهێز دەکات کە ئەمجارە ئەوان ناکۆک بەرەو بەغدا بچنو ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پێگەو قورسایی ئەوان دەبێت لەو پایتەختەدا کە بەناوەندی بڕیاردانی عێراق دادەنرێت.

هەروەها پێدەچێت ئەم ناکۆکییەی ئەوان کاریگەریی لەسەر بەدەستهێنانەوەی پۆستە گرنگو سیادییەکانیش هەبێت لەعێراقدا. لەچوارچێوەی ئەم ناکۆکییانەشدا، وتەبێژەکەی گۆڕان بەسایتی نیقاشی راگەیاندووە، کە سەرۆک مام جەلال کاندیدی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری داهاتووی عێراق "کاندیدی ئێمە نییە."

ئەمەش لەکاتێکدایە پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ گەلی کوردستان بەیەکێک لەپۆستە سیادییە گرنگەکانی عێراق دادەنرێت، لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش رایگەیاندووە "پێویستە کورد دەستبەرداری ئەم پۆستە سیادییە نەبێت."

سامی شۆڕش سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەهەولێر، لەکاتێکدا کە پێیوایە "کارێکی زۆرباش دەبوو ئەگەر کورد بیتوانیایە بەیەک لیستی بچونایەتە بەغدا، بەڵام کە ئەوە نەکرا ئەرکی هەرە گرنگ ئەوەیە بتوانن لەبەغدا یەک هەڵوێست بین."

لەبەرامبەریشدا، وتەبێژەکەی بزوتنەوەی گۆڕان جەختلەوەدەکاتەوە کە ئەوان ئەو پۆستە سیادیيانەیان بەلاوە گرنگ نییە، چونکە بەوتەی خۆیان "زۆر پۆستی سیادییو گرنگ هەیە لەعێراقدا هیچ سوودێکی نەبووە بۆ کوردستان."